Saladin University – Erbil
College of Education
Special Education Deportment
First Class - Early Intervention

زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر
کۆلیژی پەروەردە
بەشی پەروەردەی تایبەت
قۆناغی یەکەم / چارەسەری پێشوەختە


سـالّی خوێندن (٢٠٢٢-٢٠٢٣) - وەرزی دووەم

1

# چارەسەری پێشوەختە
# Early Intervention
# التدخل المبكر




پ.ی. د. مهدی عباس قادر
کۆلیژی پەروەردە - بەشی پەروەردەی تایبەت

**دەروازە:**

لە سەدەی بیست و بە تایبەتیش لە سەدەی بیست و یەكدا جیهان بە شێوەیەكی گشتی فراوان بوونێكی خێرای بەخۆوە بینی، لە ئەنجامی ئەم پێشكەوتنە زۆر لە وڵاتانی جیهان هەوڵەكانیان چڕ كردەوە بۆ جێبەجێكردنی خزمەتگوزاری و بەرنامەی چاسەرەی پێشوەختە[١] بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی منداڵانی خوار تەمەن ٦ ساڵی پەیڕەو دەكرد. بێگومان ئەم پێشكەوتنەش لە ئەنجامی كارلێكردنی چەندین هۆكاری جیاوازەوە هاتۆتە دی، گرنگترینی ئەم هۆكارانەش بریتیین لە:

١- زیاد بوونی هۆشیاری بە گرنگی پێشوەختە لە قۆناغە سەرەتاییەكانی تەمەن لەكاتی گەشەی مرۆڤەكان، كەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە چوارچێوەی ئەم گرنگی پێدانەدا زۆرترین بەشیان بەركەوت.

٢- روودانی گۆڕانكاری لە فەلسەفەی چاودێری كۆمەڵایەتی سەبارەت بە كەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، كە پێویستە ئەوانیش بێ بەش نەبن لە هەمان ئەو خزمەتگوزارییانەی كە خەڵكانی ئاسایی پێشكەشیان دەكرێت، وەك نموونەی ماڵ و خانەی ساوایان و باخچە منداڵان.

٣- دانان بە دادوەری فێركردن، ئەویش پێویستە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەمان دەرفەتی فێربوونیان پێ بدرێت بە یەكسانی لەگەڵ كەسانی ئاسایی هاوتەمەنی خۆیان لە پێناو پەرەپێدان و پێشخستنی تواناكانیان.

گۆڕەپانی چارەسەری پێشوەختە تاكە گۆڕەپانی مەیدانییە پێویست بە ئاراستەكردنی نوێ و داهێنان دەكات، چونكە ئامانجە گشتییەكانی پەروەردەی تایبەت بۆ منداڵانی خوار تەمەنی (٦) ساڵی جیاوازە لە ئامانجی قۆناغەكانی داهاتووی تەمەن، بۆیە ئامانج لێرەدا بریتیی دەبێت لە ئاسانكاری و پاڵپشتی گەشەی منداڵانی تەمەن بچووك. لە رێگای دەستوەردان (التدخل) لە كاتی گونجاو پێش ئەوەی ببێتە كۆسپ و پەككەوتەیی مەترسی گەورە لەسەر گەش و نمای كەسەكە. یان وێرانكردنی گەشەكردنی تواناكانیان لە دوارۆژدا. وە هەروەها رێگەگرتن یان پاراستن لە دەركەوتنی پەككەوتەیی لاوەكی، لەسەر هەموو ئەمانەش پێویستە پاڵپشتی خێزانەكانیان بكرێت تاكو بتوان نبە جوانترین شێوە خزمەت و چاودێری منداڵە پەككەوتەكانیان دەكەن، یان ئەوانەی مەترسی بایۆلۆژییان لەسەرە. باشتر وایە ئەم خزمەتگوزارییانە لە رێگەی تیمی چارەسەری پێشوەختە ئەنجام بدرێت.

(١) چارەسەری پێشوەختە یان (دەستوەردانی پێشوەختە) لێرەدا بەرامبەر بە (التدخل المبكر) بەكاردێت.

## چارەسەری پێشوەختە

## Early Intervention

مەبەست لە چارەسەری پێشوەختە (التدخل المبكر) باسکردن و روونکردنەوەی ئەو بەرنامە و پرۆگرامانەیە کە پێشکەش بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و خێزانەکانیان دەکرێت. جۆری بەرنامەکان و رادەی گونجانیان بۆ تەمەنی منداڵانی سوودمەند لەم بەرنامە و پرۆگرامانە لایەنێکی دیکەی پرۆسەی چارەسەری پێشوەختەیە بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت. بە تایبەتی لە تەمەنی کۆرپەیی لە کاتی لەدایکبوونەوە تاکو تەمەنی خوار (٦)ساڵیدا.

قۆناغەکانی منداڵی بە گوێرەی خزمەتگوزاریی پێشکەش کراو و سیاسەتی چارەسەری پێشوەختە بۆ سێ قۆناغ دابەش دەکرێت بەمجۆرەی لە خوارەوەدا دیاریکراوە :

- **قۆناغی یەکەم/** ئەم قۆناغە لە رۆژی لە دایکبوونەوە و تاکو (١٢) مانگ. لەم قۆناغەدا پێیان دەوترێت منداڵی شیرە خۆرە (الطفل الرضيع).
- **قۆناغی دووەم/** لە تەمەنی (١٢) مانگی دەست پێدەکات تاکو (٣) ساڵی. لەم قۆناغەدا پێیان دەوترێت قۆناغی دایەنگە.
- **قۆناغی سێ یەم/** لە تەمەنی (٣) ساڵیدا دەست پێ دەکات تاکو (٥-٦) ساڵی. لەم قۆناغەدا پێیان دەوترێت منداڵ پێش چوونە قوتابخانە یان (باخچەی منداڵان).

هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی جۆر و شێوازی پرۆگرامی چارەسەری پێشوەختە بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ٦ ساڵ جیاوازە لە یەکتر، بەپێی تەمەن وجۆری پەککەوتەی منداڵەکە دەگۆڕێت لە تەمەنێکە بۆ تەمەنێکی دیکە لە جۆرێکەوە بۆ جۆری دیکەی پەککەوتەیی. بۆیە بۆ هەر یەکێك لەم قۆناغانەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە بەرنامە و پرۆگرامی تایبەت بەو تەمەنە و جۆری پەککەوتەی دیاری دەکرێت و لەمنداڵێکەوە بۆ منداڵێکی دیکە دەگۆڕێت.

بۆ نموونە ئەو منداڵانەی کە لە قۆناغی باخچەی منداڵان دەخوێنن لەم جۆرە بەرنامەیە (چارەسەری پێشوەختە)یان پێشکەش دەکرێت، پرۆگرامی فێرکاری تایبەت بە فێربوونی گونجاو بە پێی شێوە و جۆر و پێداویستی پەککەوتەییان پێشکەش دەکرێت کە بگونجێت لەگەڵ خزمەتگوزارییە تایبەت

به ئاستەنگەکانی فێربوون. بەڵام لەوانەیە لە قۆناغەکانی دیکە جۆر و شێوازی پێداویستییەکان جیاواز بن و بگۆڕین. بۆیە پێکهێنانی تیمی هاوبەش زۆر گرنگە کە لە گشت پسپۆڕانی بوارەکان پێك بێت وەك (پزیشك ، رێنماییکاری دەروونی و پسپۆڕمەندی کاری کۆمەڵایەتی و مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت .. تاد) گشتیان بەشدار بن لە جێبەجێکردنی پرۆگرامی چارەسەری پێویشوەختە هەر یەکە لە بواری کارو پسپۆریی بەشدار بێت لە پرۆسەی ئەم چارەسەرییە پێشوەختەییە.

## چەمکی چارەسەری پێشوەختە: Early Intervention

چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ (چارەسەری پێشوەختە) لەلایەن زانایان و توێژەرانی ئەم بوارەدا دیاری کراوە هەوڵ دەدەین لە خوارەوە بە کورتی هەندێك لەم پێناسانە بخەینە ڕوو:

لەسەرەتادا کۆمەڵەی منداڵانی پەککەوتوو چارەسەری پێشوەختە بەوە پێناسە دەکات: (دەستوەردانی پێشوەختە پێش دەرکەوتنی ئاستەنگەکان، بۆ یارمەتی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و خێزانەکانین، هەروەها سیستەمێکی خزمەتگوزاری پەروەردەیی و چارەسەری و خۆپارێزییە پێشکەش بە منداڵان دەکرێت، لە رۆژان و هەفتەکانی دوای لە دایکبوونیان، بەتایبەتی ئەوانەی لە مەترسیدان لە روانگەی زانیستییەوە بە پشت بەستن بە مێژووی خێزانی و رەوتی دووگیانی و کاتی لە دایکبوون و دواتر..) (السليطي، ٢٠٠٤).

بەڵام (الخطيب و الحديدي)، دەڵێن چارەسەری پێشوەختە بریتییە لە: (پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر وەك (پزیشکی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و دەروونی ..تاد.. پێشکەش بەو منداڵانە دەکرێت کە کە تەمەنیان لە خوار (٦) شەش ساڵە و بەدەست کێشەکانی (دواکەوتوویی گەشە و دواکەوتوویی ژیری و پەککەوتووی جەستەیی دەناڵێنن و پێشکەش کردنی بەرنامەی راهێنان و رێنمایی بۆ خێزانی ئەمجۆرە منداڵانە.

**کەواتە:** چارەسەری پێشوەختە بریتییە لە: سیستەمێکی تەواوکار لە خزمەتگوزاری پێویست پێشکەش بە منداڵانی خاوەن پێدوایستی تایبەت دەکرێت، ئەم پرۆگرامە لە رۆژی لە دایك بوونیەوە تاکو خوار تەمەنی (٦) ساڵی کە تیایدا بوارەکانی (پزیشکی و دەروونی وکۆمەڵایەتی و پەرورەدەیی و خۆپارێزی و چارەسەری لەخۆ دەگرێت)، هەروەها چەمکی

چارەسەری پێشوەختە وەك جێگرەوەی چەمکی (خۆپاراستن) کە لە ساڵانی شەستەکان و حەفتانکاندا بەربڵاو بووە، بەکار هاتووە.

لەو کاتەدا پێیان وابووە پەروەردەی قەرەبوو سیستەمێکە لە ڕێگەیەوە دەتوانی یارمەتی ئەو منداڵانە بدەین کە گەشە و نەشونمایان لە ژینگەیەکی ناگونجاودا بووە و پێویستیان بەمجۆرە چارەسەرییە هەیە.

**مێژووی سەرهەڵدانی** پرۆگرامی چارەسەری پێشوەختە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٠ چەندین بیرۆکە خرانە ڕوو لەبارەی چۆنیەتی یارمەتیدانی ئەو منداڵانەی کێشەی گەشەکردنیان هەیە. بە تایبەتی لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠. هەوڵەکان زیاتر چڕ کرانەوە و هەنگاوەکان خێراتر بوون گرنگی دان بەم بوارە زیاتر بوو بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کێشەیە، لە سەرەتادا گرنگی زۆر بە دیاردەی کاریگەرییەکانی بێ بەش بوون و هەژاری لەسەر منداڵانی تووشبوو بە پککەوتەیی درا، دواتر بیر لە دانانی بەرنامە پرۆگرامی تایبەت بەم لقە نوێیەی شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان کە بە (چارەسەری پێشوەختە) (التدخل المبکر) دەستنیشان کرا.

**گرنگی چارەسەری پێشوەختە:**

چارەسەرەی پێشوەختە گرنگییەکەی لەوەدا دەردەکەوێت کە لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانەدا بەکاردێت، چونکە منداڵان لەم قۆناغەدا لە سەرەتایی گەشەکردندان، مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و کەموکورتییەکانیان ئاسانترە لەوەی تەمەنیان لە سەرووی ئەم قۆناغە بێت. چونکە دەکرێت لەم قۆناغەدا (پێش چوونە قوتابخانە) کاریگەرییە خراپەکانی (بیرکۆڵی یان بێبەشبوون لە یەکێك لە ئەندامەکانی جەستە) لەسەریان کەم بکرێتەوە، و ڕاهێنان و چارەسەری گونجاویان بۆ دەستنیشان بکەن. لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە بەپێی توێژینەوە زانستییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە خانەکانی مێشك لە تەمەنی زوویی دا دەکرێت قەرەبووی خانە ناچالاکەکانی تەنیشتیان قەرەبوو بکەنەوە، بەڵام ئەگەر تەمەنی منداڵ هەڵکشا بۆ سەرووی (٦) ساڵیدا، ئەوا خانەکانی مێشکی ئەو تایبەتمەنی و نەرمایی و ئامادەباشییەی تیا نامێنێت و ناتوانێت قەرەبووکردنەوەی خانە لەناو چووەکانی تەنیشتی بکاتەوە.

لەژێر روشنایی سەرەوە دەتوانین گرنگی چارەسەری پێشوەختە لە قۆناغی خوار تەمەنی (٦) ساڵی لەم چەند خاڵەی خوارەوە بەرجەستە بکەین:

١- کرداری فێربوون لە تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە ئاسانتر و خێراترە لە فێربوون لە قۆناغەکانی دیکەی تەمەن.

٢- دروستکردنی بناغەیەکی جێگیر و پتەو بۆ دایبابان و راهێنانیان پێ بکرێت بۆ راهێنان و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەل منداڵە پککەوتەکەیان چونکە ئەوان بەردەوام لەگەلیان دەژین و یەکەم ژینگەی گەشەکردنی منداڵە، هەروەها رێگر بن لە روودانی کێشەی گەورە لە داهاتوودا.

٣- پشتگوێخستنی دواکەوتن لە گەشونمای منداڵان لە تەمەنی خوار (٦) ساڵیدا لەوانەیە ببێتە هۆکاری سەرەکی بۆ روودانی چەندین حالەتی نەرێنی لە داهاتوودا ئەگەر لە پێشوەختە دەستنیشان نەکرێت و رێگەچارەسەری گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوە، دوور نییە ببێتە کێشەیەکی گەورە لە دهاتوودا کە بە درێژایی ژیانی پێوەی بناڵێنێ.

٤- لێپرسراویەتی چاندنی بنەماکان و کارامەییەکان بە پلە یەك دەکەوێتە سەرشانی دایبابان بە هەمووجۆرەکانیەوە.

٥- گەشەکردن تەنها دەرئەنجامی هۆکاری بۆ ماوەیی نییە، بەڵکو بارودخۆی ژینگەیی رۆڵی گرنگی هەیە و دەتوانێت گەشەی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت بوەستێنێت یان خێراتری بکات.

**کێن ئەوانەی پێویستیان بە (چارەسەری پێشوەختە) هەیە؟**

**١-  ئەو منداڵانەی کە زیاتر تووشی پێکان بوونە لە لایەنی بۆماوەیی و ژینگەیی.**

**٢-  ئەو منداڵانەی کە نەشونمایان دواکەتووە.**

**٣-  ئەو منداڵانەی کە جوولەیان دواکەوتەووە.**

**٤- ئەو منداڵانەی بە دەست کێشەی شڵەژان بوونە لە پەیوەندییەکان.**

**٥- ئەو منداڵانەی کە کێشەی رەفتارییان هەیە.**

**٦-  ئەو منداڵانەی کە شڵەژانی توندییان هەیە.**

**٧- ئەوانەی تووشی لایەنێکی هەستەوەری بوونە وەك( بیستن- بینین-  بیستن و بینین بەیەکەوە)**

**ئەو هۆکارە سەرەکییانەی رۆڵی گرنگ دەبینن لە راوەستان یان کەمکردنەوەی پەککەوتەیی لەهەمان کاتدا یارمەتیدەرن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی چارەسەری پێشوەختە لەوانە:**

- مێژووی دۆزینەوەی پێشوەختەی پەککەوتە.
- تەمەنی منداڵی پەککەوتە لەو کاتی پەیوەندی بە بنکەکانی راهێنان و فێربوون دەکات.
- سروشتی پەککەوتەیی منداڵەکە کە بەدەستیەوە دەناڵێنێ.
- شێوازی ئەو خزمەتگوزارییانە کە پێشکەشی کراوە و زیرەکی وتوانایی ئەو کەسانەی بە کارەکە هەڵساوون.
- بەشداری دایباban و خێزانەکانیان لە جێبەجێ کردنی بەرنامە و پرۆگرامەکان.

## گرنگترین شێوازەکانی خزمەتگوزاری و جۆرەکانی چارەسەری پێشوەختە

لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە خوار تەمەنی (٦) ساڵیدا، بە مەبەستی جێبەجێکردنی پرۆسەی چارەسەری پێشەوەختە. پێویستیمان بە چەندین شێوازی جیاواز هەیە بۆ ئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆسە چارەسەرییە وەك:

١- لە چوارچێوەی خێزاندا:

ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لە ژینگەی سروشتی ماڵەوە لە ڕێگەی کارمەند و پزیشك و ڕێنماییکارانی دەروونی و کۆمەڵایەتی پێشکەش بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکرێت.

لەم جۆرە چارەسەرییە (مامۆستا یان کەسی پسپۆڕ یان ڕاهێنەر) هەفتەی جارێك یان زیاتر سەردانی خێزانی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات و لە ماڵەوە خزمەتگوزارییە پێویستییەکان پێشکەش  بە منداڵەکە دەکات.

| ز | لایەنە باشەکانی ئەم شێوازە | کەموکورتییەکانی ئەم شێوازە |
|---|---|---|
| ١ | لە ژینگەی ناو خێزان پرۆسەکە ئەنجام دەدرێت. | تێکەڵ نەبوونی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت بە منداڵانی هاوشێوەی خۆی و ڕوونەدانی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی. |
| ٢ | لەلایەنی داراییەوە پارەی زۆری ناوێ و ئەرکی قورس ناخاتە سەرشانی خێزان. | کێشەی هاتووچۆکردنی ڕاهێنەر و کارمەندەکان بۆ شوێنی خێزانەکان. |
| ٣ | خێزانەکان بەشداری ئەکتیڤ و کارا دەکەن لە پرۆسەی چارەسەرییەکە. | لە توانی هەندێك دایبابان نییە بە شێوەیەکی کاریگەر و دروست ڕاهێنان بە منداڵەکان بکەن. |

**٢- له چوارچێوەی سەنتەر و قوتابخانەکاندا:**

ئەو خزمەتگوزارییانەی لە ناو سەنتەر و قوتابخانەکان پێشکەش بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکرێن، ئەویش لە ڕێگەی کارمەند و ستاڤی ناو سەنتەر و نەخۆشخانەکان پێشکەش دەکرێن.

مەبەست لە سەنتەرەکان یان قوتابخانەکان ئەو جێگایانەن کە بۆ پەروەردەکردن و ڕاهێنانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت کراونەتەوە، لە کاتی پێویست منداڵانی خاوەن پێداویستی بۆ ئەم شوێنانە ڕەوانە دەکرێن و لەوێ لە ڕێگەی کەسانی پسپۆڕمەند و شارەزا و ڕاهێنەر هەوڵی فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەدەن.

| ز | لایەنە باشەکانی ئەم شێوازە | کەموکورتییەکانی ئەم شێوازە |
|---|---|---|
| ١ | بوونی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا پرۆسەکە بە پێی پلانی زانستی کارەکان ئەنجام دەدرێن. | کێشەی هاتوچۆکردن بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت. |
| ٢ | تێکەڵاوبوونی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەگەڵ یەکتر و زیاتر کردنی دەرفەتی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی | تێچووی لایەنی ئابووری ئەرك دەخاتە سەر شانی دایبابان. |
| ٣ | وشیارکردنەوەی دایبابان و پێدانی زانیاری بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی خاوە پێداویستی تایبەت. | بەشداری نەکردنی کردەنی (فعلی) دایبابان لە پرۆسەی چارەسەری . |

### ٣- لە چوارچێوەی هاوبەش:

**مەبەست لێرەدا ئەو خزمەتگوزارییانە دەگرێتەوە کە لەلایەن خێزان و سەنتەرەکان پێشکەش بە منداڵانی خاوە پێداویستی تایبەت دەکرێن بە مەبەستی زیاتر سوود گەیاندن بە پرۆسەکە، لەم شێوازەدا جۆری چارەسەرییەکە فراوانتر و هەمەلایەنەیە، و زیاتر بە پرۆسەیەکی تەواوکاری چارەسەری دەناسرێتەوە.**

**لەم شێوازەدا بەباش دەزانرێت خزمەتگوزارییەکان بە دوو شێوە دابەش بکرێت بۆ منداڵە بچووکەکان لە ماڵەوە خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەش بکرێت. وە بۆ منداڵە گەورەکان لە سەنتەرەکان خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەش بکرێت.**

**هەندێکجار لە سەنتەرەکانەوە راهێنەر و کارمەندەکان دەنێرن بۆ ماڵەکان بۆ مەبەستی چارەسەری و هەندێکجاری دیکە منداڵەکان دەنێرن بۆ سەنتەرەکان. بۆ ئەوەی سوود لە لایەنی باشی هەردوو ژینگە (ماڵ و سەنتەر) وەربگیریت و لە کەموکورتییەکان کەم بکرێنەوە.**

### ٤- لە رێگەی راوێژکاریی:

**ئەم شێوازە بریتییە لە پێشکەشکردنی راوێژ بە خێزانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت. کە لە ماوەی هەفتەیەك جارێك یان دوو جار سەردانی سەنتەرەکان دەکەن., لەوێ لەگەل راوێژکاران و پسپۆڕان و مامۆستایان کۆدەبنەوە و حالەتەکان پێشکەش دەکەن و راوێژی و ئامۆژگاری و زانیاری پێویست وەردەگرن تایبەت بە کەیسی منداڵەکانیان بۆ پرۆسەی چارەسەری و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان. یەکێك لە خەسڵەتە گرنگەکانی ئەم شێوازی چارەسەرییە برتییە لەوەی ئەرکی راهێنان و فێرکردنی منداڵەکان دەدرێت بە دایبابان و لەهەمان کاتیشدا تیمێکی پسپۆڕ رێنمایی و هاوکارییان دەکەن.**

### ٥- له چوارچێوەی نەخۆشخانەکان:

ئەم شێوازە تایبەتە بەو جۆرە (حالة) کەیسانەی کە چارەسەرییەکەی لە توانای دایبابان و ڕاهێنەرانی ئاسایی نییە و چونکە کەیسەکان قورسن چارەسەرییەکەی پێویستە لە نەخۆشخانەکاندا بن لە ژێر چاودێری تیمی پسپۆڕ بێت. ئەوان خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بکەن و چارەسەرییەکان بگرنە ئەستۆ.

### ٦- له چوارچێوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن:

بریتییە لەو خزمەتگوزارییانەی کە لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە پێشکەش بە دایبابانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکرێت . ئەمیش بە ئامانجی وشیارکردنەوەیان لە شێواز و چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ خاوەن پێداویستییەکان، واتە (نووسەر، پزیشك، پسپۆڕانی دەروونی وکۆمەڵایەتی و مامۆستایانی زانکۆ و پسپۆڕانی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەك (تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتەکانی ئینتەرنێت وهۆیەکانی دیکەی بڵاوکردنەوە زانیاری پێویست دەربارەی خاوەن پێداویستی تایبەت و حالەتەکانیان بخەنەڕوو و دیاریکردنی چارەسەری گونجاو چۆنیەتی جێبەجێکردنی پێشکەش بکەن.